نەتەنیاهۆ: ئاگربەست لەگەڵ سوریا بە زەبری هێز هاتەدی نەك بە خواست



بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕایگەیاند، ڕێککەوتنی ئاگربەست لەگەڵ سوریای، "بە زەبری هێزی زۆر بەدەستهاتوە نەك بە داواکردن و داوای لێبوردن یاخود خواستی حکومەتی دیمەشق".

بنیامین نەتەنیاهۆ لەگەڵ وتارێکدا ئەمڕۆ ڕایگەیاند، ئاگربەست بە زەبری هێزی زۆر بەدەستهات، نەك لەگەڵ داواکاری یان داوای لێبوردن یان خواستی دیمەشق، بەڵکو بە زەبری هێز بو.
جەختیشیکردەوە، لە ئەنجامی چالاکی چەوپێی هێزەکانمان ئاگربەست کرا و هێزەکانی سوریاش بەرەو دیمەشق کشانەوە و ئەمەش گرنگە.
سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لەگەڵ درێژەی قسەکانیدا باسی لەوەشکرد، "ئێمە لەگەڵ سوریا هەڵسوکەوتمان کردوە و بەپێی پێویست بەردەوام دەبین".

دەشێت، "سەرکردەی دروزەکان لەگەڵ ئیسرائیل ئەو کەسە بو کە داوای لێکردم یارمەتی

دروزەکانی سوریا بدەم، ئەمە سیاسەتکمان سەبارەت بە سوریا دامەزراندوە کە ئەو ناوچەیەی لە بەرزاییەکانی جۆلانەوە تا جەبەل دروز درژدەبتەوە بە بە چەك ماوەتەوە".